**قەیرانی سیاسیی کوردستان و شکاندنی لەمپەرەکان**

کوردستانی باشوور، لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە و تا ڕۆژگاری ئێستا، قەیران بە قەیران دەسپێریت و سیستێمە سیاسییەکەی، لە نێوەندی تەنگژەکاندا، گا توندوتیژ و خوێناوی و گا بارگاوی بە خەسڵەتە نا تەندروستەکانی، دەبزوێت

ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان، پاشی هەڵبژاردنەکانی هاوینی 2009، لە پێناوی بەنۆرماڵکردنی دەستەڵاتی سیاسی و جێگیرکردنی پرۆسەی دیموکراسی و بنیاتنانی سیستێمێکی پاسارێزکراو، خولقاندنی فەزایەکی هێمنی دامودەسگایی بۆ کردنەوەی دەریچەیەک بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و دابینکردنی جۆرێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەرین و فراوانتر بوونە. تەمەنی چوارساڵانی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و بزێو، وێرای کەلێن و کەموکوڕییەکانی، سیاسەتی بۆ نێو شەقام گێڕایەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هۆشیارتر و چالاکانە، لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن. بەشداریی خەڵک، بەو مانایەی ئاکتیڤترن لە خولقاندنی هێزی فشار بۆ سەر دەسەڵاتێک کە پاشی تێپەڕاندنی 21ساڵ ساڵ لە تەمەنی حوکمڕانیی خۆی، جارێ: نۆرماڵ و یەکگرتوو نییە، زەوینەی ئاشتییانەی دەستاودەستکردنی خۆی نەخولقاندووە، تاپۆی حزب و بەرژەوەندییەکانی حیزبی لە خۆی نەتەکاندووە، خەسڵەتەکانی زەبر و توندوتیژیی لە پرۆسەی ئاشتەوایی و سازان بنبڕنەکردوە! جۆرێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی فەراهەم نەکردووە و دەستوورێکی بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵک و میکانیزمی چۆنییەتی حوکمڕانی ڕێک نەخستووە و ڕیفراندۆمی لەسەر نەکراوە.

قەیرانی دەستوور و هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم، یەکلاکردنەوەی سیستێمی سیاسی (سەرۆکایەتی/ پەرلەمانی)، لە زەمان و دۆخێکدا هەڵدەچێت کە ئێراق، کوردستان و نێوچەکە لە قەیرانێکی قووڵی تاییفی و مەزهەبی کەوتوون و ئەم هاوکێشە سیاسی _ ئیقلیمییە گرگرتووەیش، کارکردی خۆی لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەنووکەییی کوردستان دادەنێت و هێزە نێوچەییەکان، بەرژەوەندییەکانیان و دەستێوەردانەکانیان، ئەقڵێکی کراوە و نیاز و نییەتێکی ئاشتەوایی و سازانی نیشتمانیی هێزە سیاسییە کوردییەکان دەخوازن.

کرۆکی قەیرانە سیاسییەکە، تێپەڕاندن یان گێڕانەوە و هەموارکردنەوەی دەستوورە لە پەرلەمان و مافی یاساییی خۆهەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەشتساڵەی هەرێمی کوردستانە و هەردوو ڕەگەزی قەیرانەکەش لێک هەڵپێچراون و پێکەوە پێبەستن.

چەند مانگێکە، نەخشە و ڕیزبەندیی هاوکێشە سیاسییەکان لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەستەڵاتدا لە لایەک و خودی دوو حیزبە حوکمڕانەکەیش لە لایەکی دیکەوە، لەم قەیرانەدا، پەرتن و هاوڕا نین.

خودی ئەم قەیرانە، هێندەی پێوەندی بە ململانێی ئۆپۆزیسیۆن، یەکێتیی نیشتمانی و پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، (ئەگەر کارکرد و کاریگەریی میدیای لێ دەرهاوین)، کەمتر بووەتە خەمی شەقام و تەنگژەکەیش لەبری ئەوەی خولقێنەری جۆرێک لە سازان و ڕای گشتی بێت، بەرەو پەرتبوون و نەسازان دەیئاژووێ!

گێڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان و هەموارکردنەوەی، پێش ئەوەی ریفراندۆمی لەسەر بکرێت و خەڵکی کوردستان قسەی خۆی بکات، دەشێ بەشێکی کێشەکان چارەسەر بکات و لایەنێکی کێشەکە بەلادا بخات.

گێڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان، پاش ئەوەی چەند ساڵێکە پەرلەمانی جێ هێشتووە و لەسەر مێزی بڕیاری سەرۆکی هەرێم چاوەڕێ دەکا، هیچ بەندێکی یاسایی لە پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان پشتگیری لێ ناکات، تەنها بەندێکی پشتگوێخراوی بڵاونەکراوەی سەردەمی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتی 2011 نەبێت.

ئێستا ئەم پرۆسەی "گەڕانەوەیە"، هەم ئۆپۆزیسیۆن هەم یەکێتیی نیشتمانیش، داواکار و داخوازییانە و پارتیی دیموکراتیش، بە جۆرێک لەسەر "نەگەڕانەوە" و ڕیفراندۆم مکوڕە و جەختی لەسەر دەکات.

پارتیی دیموکرات، هەتا کوێ و کام پلەی بەرزبوونەوەی قەیرانەکە، پێ دادەگرێ؟ جارێ ڕوون نییە.
ئەگەر "پارتی" دەستبەرداری سێبارە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی ببێت و کاندیدێکی دیکەی بۆ ئەو پۆستە هەبێت، ئەوا دەرێچەیەک لەبەردەم پرۆسەی "گەڕانەوە و هەموارکردندا" دەکرێتەوە. لە پێچەوانەی کاردا، قەیرانەکە ڕوو لە بنبەست دەنێ و دوور نییە سەرجەمی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی کوردستان، لە دۆخێکی ترسناک بنێت.
دەستوور، وەکو دەکۆمێنێتی یاسایی و فرەلایەن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە فرەجۆرەکانی نێوان دەسەڵاتی حوکمڕانی و خەڵک و دیاریکردنی سروشتی سیستەمی حوکمڕانی و یاساڕێژکردن و بە دامودەسگاییکردنی میکانیزمی بەڕێوەبردن، ئەگەر قۆناخە یاساییەکانی خۆیشی تێپەڕاندبێت و لە دیدی لایەک یاخود چەند لایەنێکەوە، دەرفەتی یاسایی هەموارکردنەوەی نەمابێت، دیسانیش بەرژەوەندییەکانی خەڵک و پرۆسە سیاسییەکەی کوردستان، لە یاساکان پیرۆزترن و ئەو یاسایانەی کە مرۆڤەکان دایانڕژتوون و چەسپاندوویانن، دەشێ گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەم قۆناخەی ئێستا، دەستبەری هەموارکردنیان بن.
لەمپەرەکان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە زۆرن و هەندێکیان زادەی ململانێی حیزب و هێزەکانی کوردستانن.
تەنیا ڕێگایەک بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە سیاسییەی ئێستا، پشوودرێژی، گفتوگۆ و کرانەوە، دانوستاندن و لەپێشچاوگرتنی کۆی پرۆسە سیاسییەکەیە و هەوڵدانە بۆ ساتوسەوداکردن لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتەکان و بینینی واقیعیانەی دۆخە سیاسییەکە.

پشکۆنەجمەدین
31ی مای 2013